هەرکاتێک هەریەکێکتان شەڕی کرد دژی براکەی؛ ئەوا پێویستە خۆی لە لێدانی دەموچاوی بە دوور بگرێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکاتێک هەریەکێکتان شەڕی کرد دژی براکەی؛ ئەوا پێویستە خۆی لە لێدانی دەموچاوی بە دوور بگرێت».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

واتای فەرموودەکە: هەریەکێکتان لێدانی گەیاند بە کەسێکی تر بۆ پەروەردەکردنی (تەربیەت دانی) یان تەنانەت ئەگەر بۆ جێبەجێکردنی سنوورێک لە سنوورەکانی خودا بێت یان شەڕی کرد لە دژی یان جگە لەمانە ئەوا با خۆی بە دوور بگرێت لە لێدانی لە دەموچاوی (ڕووی)، چونکە ڕووی نەوەی ئادەم ڕێزداری خۆی هەیە، ولە ڕێزدارترین ئەندامەکانە، ولێدان لە ڕوو دەبێتە هۆی شێواندنی وناشیرین بوونی ومانەوەی شوێنەوار بەهەر شێوەیەک لە شێوەکان بێت ئەگەرچیش لێدانەکە سووک بێت، یان جاری وا هەیە لێدانەکە دەبێتە هۆی لە دەستدانی ئەندامێکی (هەستێکی) ڕووە، بۆیە واجبە مرۆڤ خۆی بە دوور بگرێت لە لێدانی دەموچاو، ئەگەر لێدانەکە هەق بێت یان دەستدرێژی بێت بە ناهەق؛ وئەم فەرمودەیەی پێغەمبەرمان -صلی الله علیه وسلم- بۆ بیرهێناوەیە بۆ مسوڵمانان وبۆ هەموو مرۆڤەکانیش چونکە ئەگەری لێدان هەر دەبێت ڕووبدات جا بەهۆی ناکۆکیەوە یان بۆ پەروەردە کردن یان بۆ جێبەجێکردنی سنوورەکانی شەریعەت بێت چونکە ئەمە سروشتی ژیانە، وبە هیچ شێوەیەک ئەم فەرموودەیە هاندانی مرۆڤی تێدا نییە بۆ شەڕ کردن ولێدانی مرۆڤەکان کە لەوەیە هەندێک کەس بەو شێوەیە لێی تێبگەن.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/58257